ڕۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی: سوپا خەی بە پەشوازیکردن لە بارمتەکان لە غەززە ئامادەکات

ڕۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی بڵاویکردەوە، سوپای ئەو وڵاتە خەی بە پەشوازیکردن لە بارمتەکان لە غەززە ئامادەکات بە هاوکاریی چەند ئەرگانێکی فەرمی وڵاتەکە، هەروەها بنیامین نەتەنیاهە، سەرۆك وەزیرانیش دەڵێت، ڕەکەوتنە چاوەڕوانکراوەکە لە غەززە لە ماوەی "چەند کاتژمێر یان ڕۆژێکدا" تەواو دەبێت و هەمو بارمتەکان دەگرێتەوە.

ڕۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی ئەمە چوارشەممە لە هەواڵێکدا بڵاویکردەوە، سوپا ئامادەکاری دەکات بە ئەپراسیۆنی وەرگرتنی بارمتەکان لە غەززەوە بە هاوکاری پۆلیس، دەزگای زیندانەکان، وەزارەتی تەندروستی، شین بێت، نوسینگەی سەرۆك وەزیران، وەزارەتی دەرەوە و وەزارەت لە خەشگوزەرانی.
ئاماژەی بەوەشکردوە، بارمتەکان لە حەماسەوە دەگوازرێنەوە بە خاچی سور، هەزی ئاسمانیش سەرپەرشتی ئاسایشی کاروانی خاچی سور دەکات و کاتێك بارمتەکان دەگەنە سنور، ناسنامەیان پشتڕاست دەکرێتەوە، پشکنینی پزیشکییان بە ئەنجامدەدرێت، دواتر بە فڕۆکە دەگوازرێنەوە بە نەخەشخانە ناوەندییەکان، پاشان چاویان بە خێزانەکانیان دەکەوێت.

ڕۆژنامە ئیسرائیلیەکە تیشکی خستەسەر ئەوەی کە ئەو پلانە لە کاتکدایە کە ئیسرائیل چاوەڕوانی وەڵامی فەرمی حەماس بە ڕێککەوتنی ئاگربەست و ئازادکردنی بارمتەکان.

لایخیەو سوپای ئیسرائیل ڕایگەیاند، "ئێپڕاسیۆنی ئەمجارە لە قەبارەدا بچوکتر دەبێت بەهۆی ژمارەی ئەو کەسانەی کە ئازاد دەکرێن و هەروەها بەهۆی ئەوەی ژمارەی بارمتە ئازادکراوەکان کەمە".
هاوکات بنیامین نێتەنیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل دەڵێت، لەگەڵ خێزانی بارمتەکاندا کەبوونەو کە لەلایەن حەماسەو دەستبەسەرکراون، ڕێککەوتنە چاوەڕوانکراوەکە لە غەززە لە ماوەی "چەند کاتژمێر یان ڕۆژێکدا" تەواو دەبێت و هەمو بارمتەکان دەگرێتەو.

نوێنەرانی بنەماڵەی بارمتەکان کە لەگەڵ نێتەنیاهۆ کەبونەو، باس لە پێشکەوتنی بەرچاو دەکەن بەرەو گەیشتن بە ڕێککەوتنێک بە گەڕاندنەوەی ئازیزانیان.

ناتانیاهۆ ئاماژەی بەوەشکرد، دانوستانەکانی ئەستا هەمو لایەنەکان دەگرێتەو، بەڵام دەبێتە هەی ڕێککەوتنێک کە قەناغ بە قەناغ جێبجێ دەکرێت.